تەندروستی جیهانی: لەو نەخۆشخانەکانی غەززەو توانای چارەسەری بریندارانی نەماوە

رێکخراوی تەندروستی جیهانی ئەمڕۆ پێنجشەممە رایگەیاند، چیتر نەخۆشخانەکانی باکووری کەرتی غەززە توانای کارکردنیان نییە، ئەوەش بەهۆی کەمیی سوتەمەنی و تیمی کارمەندان و پێداویستییەکان، دەشێت، "تەرمی قوربانیانی دوایین هێرشەکانی ئیسرائیل لە حەوشەی نەخۆشخانەکەدا کۆکەو بون"، تائێستاش نەتوانراوە بەخاك بسپێردرێن. ریچارد پیپەرکۆرن، نوێنەری رێکخراوی تەندروستی جیهانی لە غەززە لە ڕێگەی پەیامێکی ڤیدیۆیەوە رایگەیاندوە، "ئێستا لەو باکوری کەرتی غەززەو نەخۆشخانەکان توانای کارکردنیان نەماوە، لە کەی 36 دامەزراوەی پزیشکی بەشکیان لەو کاردان".

ئاماژەی بەوەشکرد، نەخۆشخانەی ئێلئێهلی دواهەمین نەخۆشخانە بوو، بەڵام ئێستا "تەنها نەشتەرگەری سەخت بۆ بریندارانی دەکرێت"، نەخۆشخانەکە هەشتا چارەسەری نەخۆشکان دەکات، بەڵام نەخۆشی نوێ وەرناگرێت.

نوێنەری رێکخراوی تەندروستی جیهانی لە غەززە باسی لەوەشکرد، "نەخۆشخانەی ئێلئێهلی وەک خانەی بەساڵاچوان بوو، چاودێرییەکی زۆر سنوردار دەکات"، 10 ئێندامی ستاف کە هەمویان پزیشک و پەرستاری

بچوکن، بڕدەوامن لە پشکنینکردنی فریاگوزاری سەرەتایی سەرەتایی و چاودێریکردن بریندارەکان.

ئەوەشی خستەڕوو، "تا دوو ڕۆژ لەمەوبەر، تاکە نەخشانە بوو کە دەتوانرا نەشتەرگەری بە بریندارانی باکوری غەززە بکرێت و قەرەباغ بوو لە نەخشەکان کە پێویستیان بە چاودێری بەپەلە بوو، بەڵام بەهۆی نەبوونی سوتەمەنی و کارەبا و پێداویستی پزیشکی و ستافی پزیشکی لە نەویاندا پزیشکانی نەشتەرگەری و پزیشکانی دیکەی پسپۆڕ، ژووری نەشتەرگەری نەماوە".

پێپەرکۆن ئاماژەی بۆکردوە، "تەرمی قوربانیانی دوایین هێرشەکانی ئیسرائیل لە حەوشەی نەخشانەکەدا کۆکەکە بوە، بەهۆی نەتوانینی ناشتنیان بە شێوەیەکی سەلامەت و دروست".

جگە لە نەخشانەی ئەلئەهلی، تەنها سێ نەخشانە لە باکوری غەززە هەن، کە بە کەمترین توانای خۆیان کاردەکەن، ئەوانیش شیفا، ئەلعەودە و ئەلصەحابە، ئەو نەخشانانەی "هەزاران کەسی ئاوارە لەخۆدەگرن".

ڕونیشیکردەوە، هەندێک لە نەخشەکان لەو نەخشانەی ئەلئەهلی "چەند هەفتەیەک چاوەڕێی نەشتەرگەری دەکەن"، ئەگەر لە کۆتاییدا نەشتەرگەریان بە بکرێت، ئەوا "ڕووبەڕووی مەترسیی بڕکوتنی هێوکردن دەبنەوە دوای نەشتەرگەری، ئەوش بەهۆی نەبوونی دژە زیندەیی و دەرمانی دیکەوە".